# قاحپه...سۆزانی...قەحپە{prostitute}

فـەهـد گـــردەوانی
ستۆکهۆڵم 2007/8/21

**کاتێک بە خواردنەوە هاتمەماڵەوە ، منداڵەکانم لە خۆشیان هاواریان کرد و پێدەکەنین و گۆرانیان دەگووت . بڕیارم دا کە ئیتر، شەرەف بۆمن هیچ نەبێت ، بەرامبەر برسیایەتی منداڵەکانم .**

{نورا جەمال ژنێکی لەش فرۆش}




نزیکەی هەشت ملیۆن بێوەژن[ژنی بەبێ مێرد] لە عێراق هەیە. گوایە ئەمە ئەو ئامارەیە کە بەشی زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان لە عێراق بڵاویان کردۆتەوە و دەربارەی دەنووسن . ئەمن حەز لە ووشەی قەحپە[قاحپە...سۆزانی] ناکەم ، بەڵام ئەگەر دەربارەی لەش فرۆشی بنووسیت ناچار دەبیت لە بەرامبەر ووشەی [پروستیتوت] بە ئنگلیزی ، بۆ خۆی ووشەکە لە لاتینی وەرگیراوە [Prostituere]،

هەر دەبێ بەکاربهێنرێت . ئەگەر چی بە ئەدەب ترە ئەگەر بێتوو پروستیتوتەکە بنووسرێت و بەکار بهێنم . ئەمن کچی لەشفرۆش و کوڕی لەشکرم لەلا وەکو یەکە. بۆ هەردوکیان هەمان ووشەم هەیە ، جا با مناکەشی تەواو پروستیتوت نەدات . ئەگەرچی لە یاسادا وەکو یەکتر سەیر ناکرێن . بۆ نموونە لە سوید پیاوی لەش کڕ تاوانی زیاترە لە ژنی لەش فرۆش . لەش فرۆش هەیە بایی چوار[4000] هەزار دۆلارە شەوی و لەش فرۆشیش هەیە بایی پەنجا[50] دۆلارە . لەشفرۆشی تەنها بۆ ژن بەکار نایەت بەڵکو کوڕیش لەشی خۆی دەفرۆشیتە ئەو پیرەژنانەی دەچنە لایان و بە پوول دەیانکڕن . ئەو ملیۆنێرەی چەند هەزار دۆلارێک دەدات بۆ تێربوونی شەوێکی ، تاقەتی ئەوەی نی یە لە دیسکۆ و چێشتخانە و باڕ[مەیخانە] و پارکەکان [باخچە] بسووڕێتەوە بۆ ئەوەی گانێکی بەلاشی دەست بکەوێت . بۆیە شەوێک بۆ خۆی لەو هوتێلە[میوانخانە] ئەو لەشە بەو هەموو پارەیە دەکڕێت .کە تێریش بوو جارەکی تر رەنگە لە شەرمان نەچێتەوە هۆتێلەکە، یا دەبێتە موشتەری هەمان ژن و ناوبەناو هاتووچۆی دەکات .

[ئانا نیکۆڵ سمیث 1967/11/28 ـ 2007/2/8] لە تەمەنی بیستو حەفت ساڵی عاشقی لۆچەکانی دەموچاوی ملیۆنێر هاوارد مارشاڵی هەشتاونۆ ساڵی نەبوو ، کە رەنگە هەر چەند شەوێک لەگەڵی رابواردبێت ، بەڵکو ئاشقی دۆلارەکانی بوو. لە ئەدەبی ئەوڕوپا بە ئانا نەگوترا پروستیتوت . ئەگەرچی لابەلا بۆخۆی رایدەبوارد .بەدیاریش کەوت لەکاتی ئەوەی مێردی هەبوو کەچی منداڵی لە یەکێکی تر دروست کرد.

لەش فرۆشی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ برسیاتی یە. ئەو ژنەی کە خۆی دەکاتە قوربانی منداڵەکانی ئەگەر بهاتبایە

دەزگایەک یارمەتی خواردنی بدرابایە، رەنگە بەلایەوە شەرم بوو هەر رۆژەی بۆ پارە خۆی لەژێر پیاوێک بدۆزێتەوە. ئەو گەنجە 20ساڵیەی لەگەڵ پیرەژنەکی حەفتاوهەندێک ساڵ ئینگلیزی و فەرەنسی و سویدی و هۆڵەندی و ئیتاڵی ناخەوێت ئەگەر بێت و پێویستی بە پارەی ئەو پیرەژنە نەبێت .گەنجێکی بیستوئەوەندە ساڵەی مەغریبی و تونسی و میسری لە پێناوی هاتنە ئەوڕوپا و وەرگرتنی ئیقامە بۆ ئەوەی دوارۆژی خۆی دابین بکات قەد بە پیرەژنەکی حەفتاو ئەوەندەساڵە ناڵێت [خۆشتم دەوێت ] بۆ ئەوەی بیباتە ئەوروپا. یا کچێکی بیستو ئەوەندەساڵەی جوان و ناسک بۆ ئەوەی بێتە ئەوروپا داواناکات مێرد بە کابرایەک بکات کە تەمەنی پەنجاوشێست ساڵیش بیت مەرج نی یە.  برسیاتی غەدارە و مرۆڤ دابەش دەکات بۆ ئەو کلاسانە کە نابێتە یەکسانی . کوڕە بچوکی هێشتا نەبۆتە هەژدەساڵ قۆڵی خۆی لە قۆڵی پیرەمێردی هەشتاو حەفتا ساڵی ئەڵمانی و سویدی و ئینگلیزی ناکات ئەگەر ناچاری ئێوڕۆ و پاوەند و دۆلار نەبێت . یا کچە دەنکە هەناری هەژدەساڵان خۆی بە کونکردن نادات لە پێناوی چەند دۆلارێک ئەگەر بێت و برسیاتی هانای بۆ نەهێنێت . ساڵی پار لەگەڵ برادەرێکی خۆشەویست رێم کەوتە دوورگەی [جربە] . لەوێ جوان هەبوو نرخی هەر تەنها 18 دۆلار بوو. بۆ گاڵتە دەمگووت ئەو پەری یە لە سوید شەوی هەزاران دۆلار پەیدا دەکات . کچە دەیگووت بمبە لەگەڵ خۆت با منیش ژیانم بەختەوەر بێت و دوارۆژم هەبێت . ساڵی 2005 لە فرانکفورت دەبوایە شەمەندەفەرەکەم بگۆڕم و چاوەڕوان بووم .لە شوێنی چاوەڕوانی کچێک وەکو مانگ دەدرەوشایەوە و داوای 5 ئێوڕۆی لێکردم ، زانیم دەرۆزەکەر نی یە ، گووتم نیمە، گووتی لەگەڵم رابووێرە بەو 5 ئێوڕۆیە ، واتە نزیکەی حەوت دۆلار . لەکاتی قسەکردن گووتم ئەگەر لە سوید بیت شەوی تۆ لەجیاتی ئەو پێنج ئێورۆیە رەنگە هەزار ئێورۆ پەیدا بکەیت . دەیگووت ئێستاکە 5 ئێوڕۆم دەوێت و زۆر پێویستمە .بە مەزەندەی خۆم بۆ حەشیسەکەی یا نارکۆتیکەکەی 5 ئێوڕۆی کەمهینابوو ، بەوشەوەش رازی بووە لەشی خۆی بفرۆشی بۆ ئەو پارەیە ، هەنووکەش نەمزانی بۆخۆی پەیدای کرد یان نا. دوو گەنجی 30 ساڵان ، یەکیان بۆی گێڕامەوە ، لە ستۆکهۆڵمەوە چوونە ئەمستردام بۆ شەقامی سوور بۆ لەش کڕین . گووتیان لەوێ نرخی کچەکان هەرزانترە لە سوید . لەش فرۆشی لە هەموو شوێنێک هەیە و هەردەم هەبووە . بەڵام ئەوانەی عێراق بەراستی هەندێکیان لەبەر بارگرانی و نەبوونی روویان لەو پیشەیە کردی یە و بە هەرزان خۆیان دەفرۆشن وەکو لە سوریا و ئوردن و وڵاتانی کەنداو و میسر خەریکن .کابرایەک دەڵێ کچە تەمەن هەژدەساڵیەکەی خۆم فرۆشتە کابرایەکی بازرگانی لەش فرۆش بۆ ئەوەی بەو پارەیە سێ منداڵەکەی ترم بەخێوبکەم .

ئەو کابرایە لەسەر گالیسکە دەڕوات و هیچ کارێکی پێناکرێت . ئەگەر بێتوو ژیانی بۆ دابین بکرێت و خواردنی رۆژانەی هەبێت باوەڕ ناکەم کچێکی   خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی قەحپەیی بکات یا لەشفرۆسی بۆ کابرای بازرگان بکات .

لە هۆڵەندا و سویسرا و ئەڵمانیا پروستیتوت یاسایی یە. پەڕلەمانی بەلژیکا ساڵی 2003 بڕیاری دا کە پڕۆژەیەک دابرژێت بۆ رێک خستنی کاری لەش فرۆشان . لە ئەڵمانیا گوایە نزیکەی 400 هەزار قەحپە هەیە . یاسایی لە هەفتەیەک بۆیان هەیە تەنها 40 سەعات کار بکەن و کە کەوتنە تەمەنەوەش تەقاعد[بازنیشتە] دەبن .بە گوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوی پارێزگاری لە ئافرەت ، ساڵانە بە ملیون ژن دەهێنن بۆ لەش فرۆشی . بە هەزاران لە ئەوڕوپای رۆژهەڵات و ئەمریکای لاتینی روو دەکەنە هۆڵەندا بۆ کارکردنی لەش فرۆشی . لە ئایینی ئیسلامی و مەسیحی و یەهوودی ، قەحپەیی حەرامە و بە زینا لە قەڵەم دراوە . بەڵام خەڵکی سەر بە هەرسێ ئایین خەریکی ئەو کارەن و گوێ نادەنە حەرامی و حەڵاڵی . لە میسر لە ساڵی 1905 هەتا 1949 لە هەندێک ناوچە قاحپەیی یاسایی بووە و ژنەکان هەفتەی جارێک دەچوونە لای پزیشک و ئازمایش[پشکنین] دەکران .هەنووکەش لە میسر لەژێرەوە هەر بەردەوامە و لەوساڵانەی دوایی ئەوانەی رووسیاشیان بۆ زیاد بووە. لە دیسکۆکان ژنە رووس وەکی ژنەمیسری سەمای رۆژهەڵاتیش دەکات ، ژنە میسری پێستی ئەسمەروچاورەش و پرچ رەشە ، ژنە رووسیش پێستی سپی یە و چاوی شینە و قژی کاڵە. دەڵێن گوایە هونەرمەندە سەماکەرەکانی میسر پرۆتێستیان [شەکایەتیان] کردووە لە وەزارەتی رۆشەنبیری گوایە ئەو ژنە رووسانە بەنرخی کەم سەمادەکەن و بەنرخی کەمیش لەگەڵ میوانان دەخەون ، واتە زەرەریان لە ژنە میسری داوە. لە سوریاش ژنە لەش فرۆشەکانی سوری ،پڕوپاگەندە لە دژی ژنە لەشفرۆشەکانی عێراقی دەکەن بۆ ئەوەی لەشکڕ نەچنە لایان .گوایە عێراقییەکان بە هەرزانتر خۆیان دەفرۆشن . لە میوانخانەکانی کەنداو کچە عێراقی بەکرێ دەدەنە میوانەکانی غەریب . لە

ئوردن ماڵی تایبەتی بۆ ئەو ژنە عیراقیانە دروستکراوە کە خەریکی لەش فرۆشین . ئەوانەی هەنووکە روویان لە کوردستان کردووە و خەریکی ئەو کارەن ، گەلۆ لە برسانە یان بۆ رابواردنی خۆیەتی.